



# کۆسۆڤۆ.. هەنگاو بەرەو لوتکەی سەربەخۆیی و خۆئامادەکردن بۆ ئاستەنگەکانی پاشماوەی شەڕی سارد

کوردستان و کۆسۆڤۆ تەنیا لەوەدا هاوبەش نین کە ناوی هەردووکیان بە»ك» دەست پێدەکات، مێژووی قۆناخەکانی بەرەوپێشەوەچوونی کۆسۆڤۆ کە بڕیارە لە مانگی داهاتوو»لە١٠/١/٢٠٠٧» بڕیاری چارەنووسسازی خۆی بدات و دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنێت لە زۆر ڕووەوە لە هەرێمی کوردستان دەچێت و لەم خاڵانەدا یەکدەگرنەوە:

١- کۆسۆڤۆ ناوچەیەکی ئەلبانینشینە و لە ساڵی (١٩١٢) ەو لکێنراوە بە سربیا یان ڕاستر بڵێین کۆماری یوگسلاڤیای پێشووەوە، کاتێك ئەم خاکە بە یوگسلاڤیاوە لکێنراوە، پرس بە گەلی ئەلبان نەکراوە، بە هەمان شێوە گەلی کوردیش لە عێراقدا کە لە ساڵی ١٩٢٠لکلێنراوە بەعێراقەوە پرسی پێنەکراوە.

٢- بە درێژای نزیکەی٩٠ساڵ واتە لەساڵی١٩١٢تا ساڵی ١٩٩٩کە هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر بەلگراد دەستی پێکرد و سلوبۆدانی میلۆسۆڤیچ ڕەوانەی دادگای نێودەوڵەتی تاوانبارانی جەنگ کراوە، کەمینەی سرب حوکمڕانی وڵاتی کردووە و بە هەرێمی کۆسۆڤۆشەوە کە ٪٩٠ی ئەلبانین.

هەرێمی کوردستانیش بەهەمان شێوە لە ساڵی (١٩٢٠) تاساڵی ٢٠٠٣بێجگە لە سێ پارێزگای»هەولێر و سلێمانی و دهۆك» کە ساڵی ١٩٩١نەوای ئارامی بۆ دابینکراو دەسەڵاتێکی کوردستانی بەڕێوەی بردووە، تەواوی هەرێمی کوردستانی لەلایەن کەمینەی عەرەبی سوننە بەڕێوەبراوە و دوای ڕووخانی ڕژێمیش سەدام حوسێن کە ماوەی ٤ساڵی بەسەردا تێپەڕبووە، هەتا ئێستاش ئەو حوکمڕانییەی عەرەبی، کە کەمینەکی زۆر کەمن لە کوردستان لە ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێم درێژەی هەیە.

٣- لەسەردەمی حوکمڕانی جوزیف تیتۆ، کۆسۆڤۆ ناوچەیەکی ئۆتۆنومی بووە لە ناو یوگسلاڤیادا، بە هەمان شێوە کوردستانی عێراقیش ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بووە لە ناو دەوڵەتی عێراقدا.

٤- لە ساڵانی نەوەدەکان دڕندەترین سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی دژی ئەلبانیەکانی کۆسۆڤۆ پیادەکرا هەر بۆیە لە ساڵی١٩٩٩ کۆسۆڤۆ خرایە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان، گەلی کوردیش لە عێراقدا سیاسەتێکی دڕندانەتری لە دژی پیادەکراوە، تەنانەت سیاسەتی ئەنفال و کیمیابارانکردنی و بەسوتماککردنی خاکەکەشی لە دژی پیادەکراو پاش کۆڕەوە ملیۆنییەکەی ساڵی »١٩٩١»بەشێکی هەرێمی کوردستان کەوتە ژێر چەتری نێودەوڵەتی.

٥- لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوو کە کۆسۆڤۆ لە ژێر چاودێری unدایە توانراوە جۆرە ئیدارەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کۆسۆڤۆ دابمەزرێت، ئەم ئیدارەیە توانی لە مانگی ڕابردوو هەڵبژاردن ئەنجام بدات وەك خۆئامادەکردنێك بۆ بەڕێوەبردنی کۆسۆڤۆ لە دوای تەواوبوونی چاودێریunلە ١٠/١٢/٢٠٠٧بە هەمان شێوە و لەگەڵ جیاوازی گەورەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان دەوڵەتی ئەمری واقیع »state de-facto»یە، بەڵام ئەم حکوومەتەش لە ژێر پارێزگاری چەتری نێودەوڵەتی و بوونی هێزەکانی هاوپەیمان خۆی بەرەوپێشەوە بردووە.



٦- دوای کشانەوەی هێزەکانی ئاشتی پارێز مەترسی ئەوە دەکرێت باری سەقامگیری کۆسۆڤۆ ئاڵۆز بێت، بۆیە پێشنیار دەکرێت کە هێزی زیاتر لەلایەن ناتۆ و ئەمەریکاوە ڕەوانەی ئەو هەرێمە بکرێت، بەهەمان شێوە کوردستانیش هەمان مەترسی لەسەرە ئەگەر هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق بکشێنەوە ئەوا دەبێت بەجدی بیر لە ڕێگەچارەیەك بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە.

ئایا قۆناغی نوێی کۆسۆڤۆ دەبێتە وانەیەکی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان؟ئەم هەموو خاڵە هاوبەشەی نێوان کوردستان و کۆسۆڤۆ بەرەو ئاراستەی ئەو پرسیارەمان دەبات ئایا هەرێمی کوردستانیش دوای کۆسۆڤۆ هەنگاو بەرەو بڕیاری چارەنووسسازی خۆی دەنێت؟ ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەمان هەڵوێستی بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەنێت وەکو ئێستا بەرامبەر کۆسۆڤۆ هەیەتی؟

جاردانی سەربەخۆی هەرێمی کۆسۆڤۆ بەرچاو ڕوون نییە بۆ سەربەخۆیی هەرێمەکانی دیکەی هاوشێوەی کۆسۆڤۆ، هەر بۆیە ڕۆچوونی بەناو وردەکارییەکان ئەم کێشە و شرۆڤەی ئەو ئاستەنگانەی کە دێنە بەردەم ئەم پرۆسەیە بەرچاو ڕوون نییە کە بۆ ئێمەش و دەبێ ئەوە بزانین کە جاردانی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆش کارێکی ئاسان نییە.

## کۆسۆڤۆ دوای ١٠/١/٢٠٠٧و هەڵوێستی مۆسکۆ و بەلگراد

هەموو چاودێران بەریچارد هۆلیرۆیشەوە کە ئەندازیاری ڕێککەوتنامەی ئاشتی دایتۆنی ساڵی (١٩٩٥)ە بۆ سەربەخۆیی بۆسنە و هەڵوەشانەوەی کۆماری یوگسلاڤیای پێشووەوە، پێیان وایە کۆسۆڤۆ لە دوای ١٠/١/٢٠٠٧بڕیاری چارەنووسسازی خۆی دەدات و دەوڵەتی سەربەخۆ ڕادەگەیەنێت لەبەر ئەوەی ڕۆژی ١٠/١/٢٠٠٧دوایین بەرواره بۆ ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان چارەنووسی ئەم هەرێمە بەلایەکدا ببات، بەڵام لەبەر هەڵوێستی دژی مۆسکۆ و بەلگراد هەندێك لە چاودێران وا مەزن دەکەن ئەم بڕیارە بڕیارێکی تاکلایەنە بێت لەلایەن کۆسۆڤیەکانەوە و لەوانەیە بۆ بوونی کۆسۆڤۆ بە دەوڵەت و ئەندام لە ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕووبەڕووی مافی ڤیتۆی ڕووسیا بێتەوە و نەتوانێت ببێتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەلبانیەکانی کۆسۆڤۆ کە ڕێژەی لە ٪٩٠ی هەرێمی کۆسۆڤۆ پێکدەهێنێ و ٪١٠یەکەی دیکەشی کەمینەی سرب و قەرەجەکانن، پشتگیری بڕیاری سەربەخۆیی دەکەن و لە هەڵبژاردنی مانگی ڕابردووشدا لەسەر ئەو بنەمایە سەرکردەکانیان هەڵبژاردووە کە بوێرانە بڕیاری سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش ئەگەر کۆسۆڤۆ یەکلایەنە بڕیاری سەربەخۆیی بدات، ئایا چی لێدەکەوێتەوە؟

١- ئەگەر کۆسۆڤۆ تاکلایەنە بڕیاری سەربەخۆیی بدات، ئەوا پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات لە un-ەوە بۆ کۆسۆڤۆییەکان

ئاڵۆز دەبێت.
٢- روسیا دژی ئەم بڕیارە رادەوەستێت و مافی ڤیتۆ دژی بەئەندامبوونی کۆسۆڤۆ لە ئەنجوومەنی ئاسایشی بەکار دەهێنێت.
٣- لەوانەیە پشتگیری بۆ مانەوەی هێزەکانی ئاشتی پارێزی لە کۆسۆڤۆ کەمبێتەوە و ئەگەر ئەو هێزانە پاشەکشە بکەن، ئەوا مەترسی سەرهەڵدانەوەی دووبارە توندووتیژی لە نێوان سرب و ئەلبانیەکان سەرهەڵداتەوە، بەتایبەتی کە کەمینەی سرب لە کۆسۆڤۆ لە باکووری وڵاتن و هاوسنوورن لەگەڵ سربیا.
٤- لەگەڵ ئەوەی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و زۆربەی دەوڵەتانی enپێشتر ئەوەیان راگەیاندووە کە پشتگیری لەسەربەخۆیی کۆسۆڤۆ دەکەن و، وەك دەوڵەت دانی پێدا دەنێن، بەڵام چەند دەوڵەتێك لە ناو یەکێتی ئەوروپا، بەتایبەتی دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژهەڵات ئامادە نین دان بە کۆسۆڤۆدا وەکو دەوڵەت نبین، ئەمەش وا دەکات لەسەر ئاستی هەرێمی کۆسۆڤۆ بکەوێتە حاڵەتێکی ئیحراجیەوە.
٥- نوێنەرانیen لە دواییین کۆبوونەوەیاندا سەبارەت بە چارەنووسی ئایندەی کۆسۆڤۆ و، بڕیاری تاکلایەنەی کۆسۆڤۆ رووبەرووی دەرگای داخراو دەبنەوە، بۆیە پێویستە بڕشتینا و بەلگراد رێگەی کۆمپرۆمایز بگرنەبەر.

## سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ پاشماوەی سۆڤیەت لە جوگرافیای سیاسی دەسڕێتەوە

دوای هەڵوەشانەوەیە یەکێتی سۆڤیەت و گۆڕینی نەخشەی سیاسی جیهانی واقیعی تازە بە ئاسانی لەلایەن مۆسکۆی میراتگری یەکێتی سۆڤیەتەوە قبوڵ ناکرێت و هەوڵدەدەن ئەوەی لە دەستیان چووە بەس بێت و گۆڕانکاری دیکە نەیەتە ئاراوە.
هەر بۆیە کاتێك بە دوای ئایندەی جوگرافیای سیاسی بەلکان و دەوڵەتانی دیکەی پێشووی ناو یەکێتی سۆڤیەت، کە ئێستاش مۆسکۆ وەك پێشان سەیریان دەکات، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ جارێکی دیکە گۆڕانکاری بەسەر نەخشەی جوگرافیای سیاسیدا دەهێنەوە و پاشماوەی یەکێتی سۆڤیەت لە جوگرافیای سیاسیدا دەسڕێتەوە.
مۆسکۆ سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ وا دەبینێت، کە مەسەلەکە بەسەربەخۆیی کۆسۆڤۆ کۆتایی نایەت و دوای سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ، کێشەکە، ئوستیا و ئەنجازیا وچیچان و مالدانیا و جورجیاش دەگەرێتەوە و نەتەوەکانی ئەو ناوچانەش داوای سەربەخۆی دەکەن و ، دوای ئەوەش هەڵمەوون رووسیا بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا نایێت.

ئەمەریکا نەیتوانیووە هەڵوێستی رووسیا بگۆڕێت

زیاتر لە چەندین جار جورج بوشی سەرۆکی ئەمەریکا لەگەڵ فلادیمێر پۆتینی سەرۆکی رووسیا سەبارەت بە ئایندەی کۆسۆڤۆ کۆبۆتەوە و، بەڵام هەڵوێستی رووسیا وەك خۆیەتی و ئەمەریکا نەیتوانیووە هەڵوێستی رووسیا بگۆڕێت، چاودێران هۆکاری نەبوونی گوشاری ئەمەریکا بۆ سەر هەڵوێستی رووسیا بۆ چەندین خاڵێك دەگێڕێتەوە:
١- گوشارەکانی ئەمەریکا وەك پێویست نەبوون
٢- پەیوەندییەکانی نێوان مۆسکۆ و واشنتۆن ئاسایی نین

ریچارد هۆلبرۆك:

لە دوای ٢٠٠٧/١/١٠ کۆسۆڤۆ بڕیاری سەربەخۆیی دەدات
وا بڕیارە رۆژی ٢٠٠٧/١/١٠ جارێکی دیکە هەرسێ نوێنەری ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا و رووسیا بۆدووبارە تێهەڵچوونەوەی کۆبوونەوەی هاوینی رابردوو دەست بە کۆبوونەوە بکەن و ئەمجارەیان بگەنە چارەیەکی مامناوەندی بۆ ئەوەی ئایندەی کۆسۆڤۆ دیاری بکەن.
لە مبارەوە ریچارد هۆلبرۆگ کە ئەندازیاری رێککەوتنامەی دایتۆن و هەڵسوڕێنەری دبلۆماتی ماراسۆنی بوو بۆ لێدانی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە دەڵێت:( من پێموایە لە دوای ٢٠٠٧/١/١٠ یان ئەوپەری مانگێك دواتر سەرکردە هەڵبژێراوەکانی کۆسۆڤۆ یەکلایەنە بڕیاری سەربەخۆیی دەدەن، بۆ ئەمەش داوا لە هەموو دەوڵەتانی جیهانی دەکەن کە وەك دەوڵەتان دانیان پێدابدرێت).
سەبارەت بە پێشوازی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەم بڕیارە هۆلبۆرگ بەمجۆرە پۆلنیان دەکات.
١- زۆربەی زۆری دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دان بە دەوڵەتی کۆسۆڤۆ دەنێن، هەندێك لە دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا بە تێپەڕبوونی کات دانی پێدادەنین.
٢- هەندێك لە دەوڵەتانی دیکە کە لە ژێر گوشاری هەردوولادان(رووسیا و ئەمەریکا) داپێدانانەکەیان دوا دەخەن.
٣- زۆربەی دەوڵەتانی ئیسلامی دان بە دەوڵەتی کۆسۆڤۆ دەنێن، بەڵام رووسیا و هەندێك دەوڵەت دانی پێدانانێت.
پێش ئێستا لە وتارێکدا لە واشنتۆن پۆست ئاماژەم بەوە کردووە کە دبلۆماتیەتی خۆپارێزی رەفتارێکی کلاسیکیانەیە و پێویستە هەوڵی خۆپارێزی بگرنەبەر، بۆ ئەمەش بە پێویست دەزانم وێرای ئەو ١٦ هەزار سەربازەی ناتۆ کە ئێستا لە کۆسۆڤۆن دەبێ بمێننەوە ، دەبێت هێزی زیاتر رەوانەی کۆسۆڤۆ بکەین بۆ ئەوەی توندوتیژی لە نێوان ئەلبانیەکان لەلایەك و قەرەج و سربەکان لەلایەکی دیکە سەر هەڵنەداتەوە.
بۆ زیاتر بە دواداچوونی شرۆڤەی ئەم باسە، گوڵان پەیوەندی بە چەندین پسپۆڕ و تایبەتمەند لە کێشەی بەلکان و کۆسۆڤۆکرد کە ئەم بەڕێزانەن:

- پرۆفیسۆر کارموس یۆردان: لە زانکۆی مادیسۆن
- پرۆفیسۆر ستیڤ رۆچ: لە زانکۆی باشووری فلۆریدا
- پرۆفیسۆر شیرل سترۆچین: لە زانکۆی لەندەن
- پرۆفیسۆر ڤالبری ڤیلپ: لە زانکۆی کۆلۆمبیا

ئەمەش بۆچوونەکانی ئەو پسپۆڕ و تایبەتمەندانەیە، بەڵام گوڵان دووبارە بە خوێنەرانی رادەگەیەنێت ئەگەر بۆچوونەکان لەگەڵ گوڵان جیاوازیان هەبوو ئەوە رای شەخسی خاوەنەکانیانە و گوڵان لەروانگەی ئازادی دەربڕینەوە بڵاویان دەکاتەوە.



پرۆفیسۆر کارلۆس یۆردان لە زانکۆی مادیسۆن بۆ گوڵان:

# مۆدیلی بۆسنیا بۆ عێراق باشترە و کوردیش واقعبینە لەم قۆناغەدا بڕیاری سەربەخۆیی نادات

■ پرۆفیسۆر کارلۆس یۆردان ئوستادی سیاسەتە لە زانکۆی (Drew) لە مادیسۆن و ئەندامی سەنتەری گۆرانکاریەکانی جیهان و حوکمڕانیشە و پسپۆر و تایبەتمەندە لە پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان و سیاسەتی دژە تیرۆر لە جیهاندا و هەروەها پسپۆرە لە کاروباری کێشە ئەتنییەکان و هەروەها شەڕی عێراق و چەندنی دیراساتی لەسەر بارودۆخی عێراق و بەڵکان هەیە، سەبارەت بە گۆرانکارییەکانی بەڵکان و ئەگەری سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ و رەنگدانەوەی ئەم بارودۆخە لەسەر رەوشی سیاسی عێراق گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر کارلۆس یۆردوان کردو بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکان گوڵان دایەوە. ■



●●●
گەر کۆسۆڤۆ سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، ئەوا سڕبەکان دەبنە کەمینەیەکی «راستەقینە»، بەڵام گەر کۆسۆڤۆ بەشێک بێت لە سربیا ئەوا سربەکان وەک بەشێک لە زۆرینە دەمێننەوە
●●●

●●●
کاردانەوەی رووسیا کاردانەوەیەکی سلبی دەبێت. هۆکاری ئەم هەڵوێستەش ئەمە دەبێتە هۆی دووبارە وورووژاندنی کێشەی شیشان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی
●●●

●●●
زەحمەتە بۆ کۆماری چین بە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ رازیبێت لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی جۆشدانی بزوتنەوە جیاخوازەکانی تیبت و زیانجینگ
●●●

**ئەگەر کۆسۆڤۆ سەربەخۆ نەبێت توندوتیژی سەر هەڵدەداتەوە**

*** ئەمەریکا و ئەوروپا ئامادەن دان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کۆسۆڤۆ دابنێن، هەروەها ئامادەن وەکو ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا مامەڵەی لە گەڵدا بکەن، رەنگدانەوەی سەربەخۆبوونی کۆسۆڤۆ لەسەر بەڵکان چی دەبێت؟**

- ئەوە ئاشکرا و روونە کە زۆرینەی ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ خواستی سەربەخۆییان هەیە، بەو پێیە گەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا کۆکبن لەسەر نەخشەیەکی رێگا بۆ سەربەخۆیی ئەوا دانیشتوانی کۆسۆڤۆ کاردانەوەیەکی ئیجابیان دەبێت. دەوترێت، زۆرینەی سڕبەکان کە کەمینەن و لە باکووری کۆسۆڤۆدا دەژین ناڕازی و نائاسودە دەبن بەم سەربەخۆییە. پێویستە ئەو ڕاستیەمان لە یادنەچێت گەر کۆسۆڤۆ سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، ئەوا سڕبەکان دەبنە کەمینەیەکی «راستەقینە»، بەڵام گەر کۆسۆڤۆ بەشێك بێت لە سڕبیا ئەوا سڕبەکان وەك بەشێك لە زۆرینە دەمێننەوە، هەرچەندە لەسەر ئاستی پارێزگا نوێنەرایەتیەکی کەمیان دەبێت. لەو حاڵەتەشدا سڕبەکانی کۆسۆڤۆ نارەزایی دەردەبڕن و دەبنە بەرهەڵستکار. ئەو کاتە بارودۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەردەچێت و توندوتیژی

سەرهەڵدەدات لەو گەڕەکانەی دانیشتوانێکی تێکەڵیان هەیە، بەڵام هێزە نێودەوڵەتیەکان و هێزەکانی پۆلیس هەموو هەوڵ و کۆششێك دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی رێگە لە سەرهەڵدانی ئەو توندووتیژیە بگرن.

**رووسیا نایەوێت ئەم سەربەخۆییە ببێتە پێشینەیەک و سەربەخۆیی دیکەی بەدوادا بێت**

***دژایەتی رووسیا و سڕبیا و بۆ سەربەخۆبوونی کۆسۆڤۆ چەندین نیگەرانی دروست دەکات، ئەم هەڵوێستە چ کاردانەوە و ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر بارودۆخەکە دەبێت؟ ئەو هۆکارانە چین وا لە رووسیا و سڕبیا دەکەن دژی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ بن؟**

- بە زۆری کاردانەوەی رووسیا کاردانەوەیەکی سلبی دەبێت. هۆکاری ئەم هەڵوێستەش کەمتر پەیوەندی بە لێکنزیکی و پەیوەستی تەقلیدی سلاڤیکەوە هەیە بە رووسییەکانەوە بەڵکو پتر پەیوەندی بەوەوە هەیە رووسیا نایەوێت ئەم سەربەخۆییە ببێتە پێشینەیەك. بە گوزارشتێکی دیکە، ئەمە دەبێتە هۆی دووبارە وورووژاندنی کێشەی شیشان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. هەندێك هەڵدەستنەوە و ڕایدەگەیەنن دەکرێت شیشانیش لە رووسیای فیدراڵی جیاببێتەوە کە بە دڵنیاییەوە ئەمە قابیلی قبوڵ نییە لەلایەن سەرۆك پۆتین و حکوومەتەکەیەوە. هەروەها گرنگە ئاماژە بەوە بکەین زەحمەتە بۆ کۆماری چین بە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ رازیببێت لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی جۆشدانی بزوتنەوە جیاخوازەکانی تیبت و زیانجینگ.

**سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ**

**بانگەشەیەکی ئاشکرایە بۆ خوڵقاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی**

***بەڵکان هەموو کات سەرچاوەی نائارامی بووە ودانیشتوانی کۆسۆڤۆش ئەلبانین، هەر لە کۆسۆڤۆدا بوونییان نییە بەڵکو لە چەندین وڵاتدا نیشتەجێن، پێت وایە سەربەخۆبوونی کۆسۆڤۆ هیچ کاردانەوە و ڕەنگدانەوەیەکی لە سەر ئەو وڵاتانە دەبێت کە ئەلبانییەکانی تێدا نیشتەجێن؟**

-ڕەنگە سەربەخۆبوونی کۆسۆڤۆ هەندێك دەرئەنجامی خراپی هەبێت لە ناوچەکەدا. پێش هەموو شتێك، ڕەنگە ئەلبانییەکانی مەکدۆنیا، بە تایبەتی رەگەزە نەتەوەپەرستەکانیان، هەڵمەتێك بۆ سەربەخۆیی بخەنە گەڕ. بە هەمان شێوە، ڕەنگە هەندێك سەرکردە باس لە بیرۆکەی کۆسۆڤۆی گەورە بکەن، کە پێکهاتبێت لە ئەلبانیا ئێستا، کۆسۆڤۆ و چەند بەشێك لە مەکدۆنیا. هەروەها سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ فشار لەسەر سیستەمی سیاسی بۆسنیاش دروست دەکات. بۆچی کرواتە بۆسنیەکان یاخود سڕبە بۆسنیەکان دەبێت هاوبەشبن لە حکوومەتێکدا یاخود لە نەتەوەیەکدا لە گەڵ بۆسنیاکەکاندا (موسڵمانە بۆسنیەکان)؟

سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ بانگەشەیەکی ئاشکرایە بۆ خوڵقاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کە زۆرینە تێیدا بەشێکە لە گرووپی نەتەوەیی. ئایا ئەمە رێگاچارە و چارەسەری ناکۆکیە نەتەوەییە_ ئیتنیەکانە؟ مۆدێلی بۆسنیا پێمان دەڵێت گرووپە ئیتنیەکان دەتوانن لە ڕێی دەوڵەتێکی فرەنەتەوەوە مافی بڕیاردانی چارەنووس پیادە بکەن. مۆدێلی کۆسۆڤۆ پەیامێکی پێچەوانە ڕادەگەیەنێت: جەختکردنەوە لەسەر گرنگی حکومڕانێتی زۆرینە. لەم سیاقەدا وڵاتێکی وەك مەکدۆنیا رووبەڕووی فشارێکی زۆر دەبێتەوە.

**دەتوانین بڵێین مۆدێلی بۆسنیا**

**کاریگەری لەسەر بونیادی سیاسی عێراق زیاتر هەیە**

***گەر جیابونەوەی کۆسۆڤۆ بە سەرکەوتویی کۆتایی پێهات، کاردانەوەکانی لەسەر عێراق چی دەبێت؟ پێت وایە لێکترازان و لێکهەڵوەشانەوەی یۆگسلافیای پێشو دەبێتە ڕێگاچارەیەك بۆ کێشە و گرفتەکانی وڵاتێکی وەکو عێراق؟**

-گەر بگەڕێینەوە بۆ بەراوردکردنی مۆدێلی بۆسنیا بە کۆسۆڤۆ، ئەوا دەتوانین بڵێین مۆدێلی بۆسنیا کاریگەری لەسەر بونیادی سیاسی عێراق هەیە_ بە چەشنێك دیبلۆماتکارە ئەمەریکییەکان هەوڵیان داوە مودێلی بۆسنیا لە عێراقدا بچەسپێنن. گەر کۆسۆڤۆ سەربەخۆیی بەدەستبهێنێت، هەندێك لە کوردەکان هەوڵ و تێکۆشان دەکەن بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی.

ئایا ئەمە باشترین رێگایە تاوەکو کوردەکان بیگرنەبەر؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زەحمەتە. لە لایەکەوە رەنگە کۆسۆڤۆ سەربەخۆیی بەدەستبهێنێت و بە خێرایی ببێتە وڵاتێکی هەژار. رەنگە کۆسۆڤۆ لە بازاڕە ئابوورییەکانی سڕبیا و ئەلبانیا و مەکدۆنیا دابڕێت. رەنگە پێویست بێت کۆسۆڤۆی نوێ دەستبکات بە گفتووگۆ لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا و دەوڵەتە دراوسێکانی بۆ گەیشتن بە چەند ڕێککەوتنامەیەکی ئابووری. سەرەڕای ئەوەش، کۆسۆڤۆ وڵاتێك دەبێت کە هیچ دەروازەیەکی دەریای نابێت بەو پێیە سیاسەتەکانی سنووردار دەبن بە هاوسەنگی هێز و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە بەهێزەکان کە خوازیاری سەقامگیربوونی ناوچەکەن. هێزە نەتەخوازەکانی کۆسۆڤۆ ئەو راستییەیان لەبیرکردووە کە پارێزگاکەیان بارودۆخێکی باشی هەبو لەسەردەمی یوگسلافیای تیتۆدا. لە راستیدا، پارێزگایەکی خاوەنی ئۆتۆنۆمی بو، تێیدا کۆسۆڤۆییەکان سودیان لەسەرچاوە ئابوورییەکان وەردەگرت و دەیانتوانی ناسنامەی کەلتوری خۆیان بپارێزن. تاوسەندنی نەتەوەخوازی لە کۆسۆڤۆدا دەگەڕێتەوە بۆ بڕیارەکەی میلۆسۆڤیچ بە کۆتایی پێهێنانی ئۆتۆنۆمییەکەی کۆسۆڤۆ و راگەیاندنی سەروەری بەسەر خاکەکەیدا. داڕشتنی ئەم سیاسەتە بۆ خواست و ویستی میلۆسۆڤیچ دەگەڕێتەوە تاوەکو کاریگەری و دەستڕۆیشتوی هەبێت لەسەر ئایندە و دوا رۆژی یوگسلافیا لە رێی دەستەبەرکردنی دوو دەنگی کۆنفیدراڵیەکە( سڕبیا و کۆسۆڤۆ). بە دڵنیاییەوە دەزانین دواتر چی روویدا.

**مۆدێلی بۆسنیا پێمان دەڵێت گرووپە ئیتنیەکان دەتوانن لە ڕێی دەوڵەتێکی فرەنەتەوەوە مافی بڕیاردانی چارەنووس پیادە بکەن. مۆدێلی کۆسۆڤۆ پەیامێکی پێچەوانە ڕادەگەیەنێت**

**دیبلۆماتکارە ئەمەریکییەکان هەوڵیان داوە مودێلی بۆسنیا لە عێراقدا بچەسپێنن**

**رەنگە کۆسۆڤۆ لە بازاڕە ئابوورییەکانی سڕبیا و ئەلبانیا و مەکدۆنیا دابڕێت**

**لەم کاتەدا سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ گوڕوتین بە هەندێک لە کوردەکانی عێراق دەدات بۆ ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بدەن. بەڵام، کوردەکانی عێراق سەلماندویانە کە ئەوان پتر واقیعبینن. سەربەخۆیی نرخ و باجی خۆی هەیە**

**سی ساڵی خایاند تاوەکو ئیرلەندا بەری سیاسەتی پەرەپێدانی چنیەوە. بە هەمان شێوە، ستراتیژیەتی بەحرەین بۆ بونیاتنانی بازاڕە داراییەکان لە ساڵانی حەفتاکاندا دەستی پێکرد. هەروەها دەستکەوتەکانی ئێستای وڵاتی ئیمارات بۆ ئەو سیاسەتانە دەگەڕێتە کە پێش ١٥ ساڵ گیرانەبەر**

سیاسەتی میلۆسۆڤیچ دووچاری بەرهەلستکاری بو لە لایەن سەرکردایەتی کۆمارەکانی دیکەوە. جیاوازیەکانی نێو ئەم سەرکردانە ئەوانەی پەیوەست بوون بە ئایندەی کۆنفیدراڵیەکەوە سەریکێشا بۆ لەبەریەکهەڵوەشانەویەکی پڕ توندوتیژی.

## حاڵی حازر تەنگژەی کورد
## کەمێک جیاوازترە لەکۆسۆڤۆ

حاڵی حازر، تەنگژەی کوردەکان کەمێك جیاوازترە. نەتەوەی کورد بەسەر چەند وڵاتێکی جیاوازدا پەرت و بڵاوە( تورکیا، سوریا، عێراق و ئێران). کوردە نیشتەجێکانی هەر وڵاتێك خاوەنی کێشە و گرفتی تایبەت بە خۆیانن. بەو پێە، پەیوەندیەکانیان بە یەکدیەوە لەودیو سنوورەکانەوە هەرچەندە لە رووی کەلتوریەوە بەهێزە، بەڵام لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە بەهێز نییە(وەك نمونەیەك، بڕوانە ئەو مشت و مڕەی کێشەی PKK لە کوردستانی عێراق خولْقاندویەتی). با پتر جەخت لەسەر کوردستانی عێراق بکەینەوە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کوردەکانی تێیدا گوزارشت لە زیندوترین و چالاکترین رەوتی کوردایەتی دەکەن. لە سایەی سیستەمی سیاسی هەنوکەدا، سەرکردە کوردەکان توانییوویانە ئۆتۆنۆمییەکەی خۆیان فراوان بکەن. هێشتا چەندین کێشەی دیکە یەکلانەکراونەتەوە_ چارەنوسی کەرکوك و لە هەمووشیان گرنگتر سەرچاوە نەوتییەکانی. لەم کاتەدا سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ گوڕوتین بە هەندێك لە کوردەکانی عێراق دەدات بۆ ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بدەن. بەڵام، کوردەکانی عێراق سەلماندویانە کە ئەوان پتر واقیعبینن. سەربەخۆیی نرخ و باجی خۆی هەیە. یەکێکیان ئەوەیە وڵاتێکی لاوازت دەبێت کە دەکەوێتە ژێر رەحمەتی دراوسێ بەهێزەکانەوە. یەکێکی دیکەیان ئەوەیە پێویستت بە ئابوریەکی زیندوو و چالاك هەیە تاوەکو لە دونیایەکی بە جیهانیبودا رزگارت ببێت. ستراتیژییەتی نوێی کوردەکانی عێراق بۆ دانانی بناغە و بنچینەکانی ئابوورییەکی خزمەتگوزار لە رێی وەبەرهێنان لە بوارەکانی پەروەردە، تەکنەلۆژیای زانیاری و خزمەتگوزاریە داراییەکاندا بیرۆکەیەکی گەورە و مەزنە. بەڵام چەسپاندن و جێگیرکردنی ئەم چەشنە ئابووریە کاتی دەوێت. سی ساڵی خایاند تاوەکو ئیرلەندا بەری سیاسەتی پەرەپێدانی چنیەوە. بە هەمان شێوە، ستراتیژیەتی بەحرەین بۆ بونیاتنانی بازاڕە داراییەکان لە ساڵانی حەفتاکاندا دەستی پێکرد. هەروەها دەستکەوتەکانی ئێستای وڵاتی ئیمارات بۆ ئەو سیاسەتانە دەگەڕێتە کە پێش ١٥ ساڵ گیرانەبەر.

## لەم جیهانەدا وڵاتە بچووکەکان
## پێویستیان بە گەیشتنە بە بازاڕی نوێ و
## وەبەرهێنان و تەکنەلۆجیاکان هەیە

حاڵی حازر، ئۆتۆنۆمی لەسەرکەوتندایە هەرچەندە نیگەرانی و نادڵنیایی دەربارەی ئایندەی عێراق چەندین پرسیاری گرنگی هێناوەتە ئاراوە سەبارەت بە مانەوەی عێراق بە شێوەیەکی یەکگرتو لە ئایندەی دوردا.

ئەوەی پەیوەندی بە لێکترازانی یوگسلافیا و قەیرانی ئێستای عێراقەوە هەیە، دەرفەتم بدە ئەوە بڵێم جێی داخ و کەسەرە گەر عێراق دووچاری شەڕی زیاتر ببێت. پێم وایە عێراقیەکان بە هەمو پێشینە کەلتوری و ئاینی و نەتەوەییەکانیانەوە بەشی خۆیان لە ئێش و ئازار چەشتوە لە ماوەی سی ساڵی ڕابردودا. هەرچەندە بارودۆخی یوگسلافیا تەقیەوە و پێکهاتەکانی سەربەخۆیان بەدەستهێنا، بەڵام زۆربەی خەڵکەکەی لە چوارچێوەی یەکێتی ئەوروپادا دەژین و بەشێکن لەو یەکێتیە. بەو شێوەیە، سەرووەری وڵاتەکانیان سنووردارەبێت و سەربەخۆییەکەیان پتر رەمزی دەبێت وەك لەوەی راستەقینە بێت. لەم جیهانەدا، وڵاتە بچوکەکان پێویستیان بە گەیشتنە بە بازاڕی نوێ و وەبەرهێنان و تەکنەلۆجیاکان هەیە هەروەها پێویستیان بەوە هەیە فێری ئەوە ببن چۆن ئەم بوارانە هەڵدەسوڕێنن. بەو پێیە ئەوەی عێراق پێویستیەتی تێگەیشتنە لەو راستییەی کە سەرەڕای ئەوەی جیاوازیگەلێکی گرنگی ئاینی و کەلتوری و نەتەوەیی لە نێو خەڵکانی وڵاتەکەدا هەیە، بەڵام هەمویان ئامانجگەلێکی هاوبەشیان هەیە: ئاسایش، کار، پەروەردە، هتد.. پێم وایە جێگیرکردنی بونیادێکی فیدراڵی بۆ ئێستای عێراق باشترە و کاتی ئەوە هاتوە سیاسەتمەدارە عێراقیەکان کار بۆ بەدیهێنانی پێداویستیەکانی خەڵکی وڵاتەکە بکەن. گەر عێراقیەکان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ناتوانن لە ئایندەی دوردا پێکەوە بژین، ئەوا پێویستە پەند لە چیکسلۆڤاکیای کۆن وەربگرن بە شێوەیەك وڵاتەکە دابەش بکەن کە ببێتە مایەی پاراستنی ئاشتی و دەرفەتی ژیان بدەن بە دەوڵەتە نەتەوەییە نوێیەکان، بەڵام هەلی هاوکاری ناوچەیی لە بوارە هاوبەشەکاندا برەخسێنن( بۆ نمونە، پاراستنی ژینگە، سیاسەتەکانی پەیوەست بە ئیدارەکردنی هەردو رووباری دیجلە و فورات، هتد..)

کۆسۆڤۆ کاریگەری لەسەر ژیانی سیاسی عێراق دەبێت بەڵام کوردەکان لە پێگەیەکدا نین سەربەخۆیی رابگەیەنن کەواتە، دەبێت بە گرنگیەوە ئایندەی عێراق لەبەرچاوبگرین.

کۆسۆڤۆ کاریگەری لەسەر ژیانی سیاسی عێراق دەبێت، بەڵام کوردەکان لە پێگەیەکدا نین سەربەخۆیی رابگەیەنن. لەبەر ئەوەی چۆنیەتی دارشتنی دەستووری عێراق لە سود و بەرژەوەندی ئەوانە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا شیعەکانی عێراق هەوڵی گۆرینی دەدەن یاخود ئایا عەرەبەکانی عێراق جیاوازیەکانی خۆیان وەلادەنێن و هەوڵی تەحەدداکردنی بەرژەوەندیەکانی کوردەکان دەدەن. ئەمانە پرسیارگەلێکی گرنگن، بەڵام لە ئێستادا زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکەیت چی روودەدات لە ئایندەدا.



■ پرۆفیسۆر خاتوو شیرل سترۆچین ئوستادی سیاسەت و کێشە ئتنیەکانە لە زانکۆی لەندەن و دەرچووی زانکۆی هارڤاردە لەئەمریکا، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر بەدیموکراتیزەکردنی ئەورپای ڕۆژهەڵات و چارەسەرکردنی کێشە ئتنیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەورپادا. سەبارەت بە ئەگەری جاڕدانی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لە مانگی دادێ گوڵان چەند پرسیاریکی ئاراستەی خاتوو شیرل کردوو بەرێزی بەم نووسینە کورتە راو سەرنجی خۆی بۆ گوڵان خستۆتە روو. ئەمەش دەقەکەیەتی. ■

پرۆفیسۆر شیرل سترۆچین تایبەت بە گوڵان:

# دژایەتیکردنی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ هۆکاری سیاسییە نەک واقیعی

●●●

دانیشتوانی سربیا دژی سەربەخۆبوونی کۆسۆڤۆن و لە دژی هەر سیاسەتمەدارێک دەنگ دەدەن گەر هەڵوێستێکی لاوازی هەبو لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا

●●●

### سەختە پێشبینی ئەوە بکەیت لەم ناوچە ئاڵۆزانەدا چی ڕوودەدات

کۆسۆڤۆ زۆرینەیەکی ئەلبانی گەورە و بەرچاوی هەیە ( بە نزیکەی لە سەدا ٩٥ مەزەندە دەکرێت)، ئەم ئەلبانیە ئیتنیانە کە لە کۆسۆڤۆدا دەژین خوازیاری سەربەخۆیین. سربە ئیتنیەکان و هەندێك لە قەرەجەکان کە لە کۆسۆڤۆدا دەژین ( لە سەدا پێنجەکەی دیکە، لە گەڵ سربەکاندا لە ناوچە فرەنەتەوە و فرە ئیتنیەکاندا دەژین) بە توندی دژایەتی و بەرهەڵستی سەربەخۆیین، نیگەرانن لەوەی گەر سەربەخۆیی بەخشرا بە کۆسۆڤۆ ئەوا ئاسایشی ئەوان دەکەوێتە مەترسیەوە. ئەم مەترسی و نیگەرانیە بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە هەندێك توندوتیژی لە دژی ئیتنیەتی سربەکان لە کۆسۆڤۆدا لە نزیکەی ساڵی ٢٠٠٤دا پیادە کرا.

تێکەڵ بونی ئەم ئیتنانە لە سەر خاکی کۆسۆڤۆ و نیگەرانیە ئەمنیەکانی کەمینەی سرب ( و ڕۆمانیەکان) یەکێك لەو هۆکارانەی هەندێك لە دەوڵەتەکان بەرهەڵستی سەربەخۆبوونی ئەم ناوچەیە دەکەن. هەروەها هۆکارگەلێکی سیاسی هەیە تاوەکو سربەکان دژایەتی سەربەخۆیی بکەن، لەبەر ئەوەی دانیشتوانی سربیا دژی سەربەخۆبوونی کۆسۆڤۆن و لە دژی هەر سیاسەتمەدارێك دەنگ دەدەن گەر هەڵوێستێکی لاوازی هەبو لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا. بەو پێیە سیاسەتمەدارە سربەکان خودان پاڵنەرێکن تاوەکو بەرەنگاری سەربەخۆبوونی کۆسۆڤۆ ببنەوە.

من دودڵم لەوەی پێشبینیم هەبێت دەربارەی دەوڵەتە دراوسێکانی وەك مەقدۆنیا، لەبەر ئەوەی سەختە پێشبینی ئەوە بکەیت چی ڕوودەدات لەم ناوچە ئاڵۆزانەدا. هەروەها کارێکی ژیرانە نابێت بە تایبەتی بۆ من کە پێشبینیم هەبێت بۆ ئایندەی عێراق، لەبەر ئەوەی بارودۆخێکی ئاڵۆزی هەیە و من کەسێکی تایبەتمەند و شارەزای بارودۆخی ئەم وڵاتە نیم.

پرۆفیسۆر ستیڤن رۆچ لە زانکۆی باشووری فلۆریدا بۆ گوڵان:

# سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ، دابەشکردنی عێراق ئاسان دەکات



■ پرۆفیسۆر ستیڤ رۆچ ئوستادی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی باشووری فلۆریدا و پسپۆر و تایبەتمەندە لە ئاستەنگەکانی نێو سیاسەتی نێودەوڵەتی و عەدالەتی نێودەوڵەتی هەروەها پسپۆرە لە سەر تەنگژەکانی بەلکان و رۆژهەڵاتی ناوەراستیش سەبارەت بەو ئەگەر و پێشهاتانەی وێنە بەردەم جاڕدانی سەربەخۆیی هەرێمی کۆسۆڤۆ وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆو ئەو ئاستەنگانەی لەم بوارەدا دێنەڕێ، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر رۆچ کرد و بەمجۆرە بیرۆبووچوونی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی. ■

**کۆسۆڤۆ لە کۆتاییدا سەربەخۆییان هەڵدەبژارد**

**وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و٢٠ وڵاتی ئەورووپی ئامادەن دان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کۆسۆڤۆدا بنێن، هەروەها ئامادەن وەکو ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، رەنگدانەوەی سەربەخۆبوونی کۆسۆڤۆ لەسەر بەلقان چی دەبێت؟**

- بەپێی بڕیاری ژمارە ١٢٤٤ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆسۆڤۆ مافی ئەوەی هەیە بڕیار لە چارەنووسی سیاسی خۆی بدات( مافی بڕیاردانی چارەنووس یاخود ئۆتۆنۆمییەکی هەمیشەیی). لە کاتی دەرکردنی بڕیارەکەدا ئەوە روون و ئاشکرابوو ئەلبانیەکانی کۆسۆڤۆ لە کۆتاییدا سەربەخۆییان هەڵدەبژارد لە بری ئۆتۆنۆمیەکی هەمیشەیی، بەو پێیە، من پێم وایە زۆرینەی خەڵك و سەرکردەی دەوڵەتەکان لە ناوچەکەدا ئامادەی قبوڵکردنی ئەم دەرەنجامەن کە ماوەیەکی دوور و درێژبوو چاوەڕوان دەکرا ببێتە دەرەنجامی شەڕی کۆسۆڤۆی ساڵی(١٩٩٩) بیر و بۆچوونی من ئەوەیە بە لە بەرچاوگرتنی نزیکەی ٦٠٠ ساڵ لە جۆشدا رق و قینی ئیتنی لە ناوچەکەدا، گرنگە رێو و شوێنێکی درێژخایەن بیگیرێتەبەر نەك تەنیا رێو شوێنگەلێکی کورتخایەن.

**پشتگیری یەکێتی ئەوروپا لە دژایەتی رووسیا گەوەرترە**

*** رووسیا و سربیا دژایەتی و بەرهەڵوێستی سەربۆخۆبوونی کۆسۆڤۆ دەکەن، ئەم هەڵوێستە چ کاردانەوە و رەنگدانەوەیەکی لەسەر بارودۆخەکە دەبێت؟ ئەو هۆکارانە چین وا لە رووسیا و سربیا دەکەن دژی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ بن؟**

- ئەگەری زۆر ئەوەیە سربیا بە شێوەیەکی بەهێز بەرهەڵوێستی ئەم رێگاچارەیە بکات، بە هەمان شێوە رووسیاش، بەڵام هەروەك دەزانێت، هەل و مەرجەکە گۆڕاوە لە ناوچەکەدا، نوخبەکانی ڕەوتی نەتەوەخوازی چیتر جڵەوی دەسەڵاتیان لە دەستدا نییە هەروەك لە رابردوودا لە دەستیان دابوو: ئەو دەسەڵاتەی بۆ خوشکردنی ئاگری گرژی و ئاڵۆزیەکان یاخود هەستی بە قوربانیبوونی سربەکان بەکار دەهێنرا(بەتایبەتی لە ناوچەکەدا) بەڵام هێشتا، لەلایەکەوە ئەگەری ئەوە لە ئارادانییە رق و قینە ئیتنیەکان و یاخود گرژی و ئاڵۆزیەکان لە ئایندەیەکی نزیکدا کپ و خامۆش ببن، لەلایەکی دیکەوە، ئەو دارایی و بوونیادنانەوەی دامەزراوەکان لە ناوچەکەدا لە ژێر سەرپەرشتی و ئیدارەکردنێکی نێودەوڵەتیدا بەرێوەدەچن مایەی هاندان و گەشبینین، بە کورتی، ئەگەری ئەوە لە ئارادانییە بە هاوکاری و پاڵپشتی یەکێتی ئەوروپا بەرهەڵستی روسی و سربییەکان رێگە لە ئەنجامدانی راپرسی بگرێت بۆ سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ، پێدەچێت بارودۆخەکە، پێچەوانەی حاڵەتی تەیموری رۆژهەڵات بێت.

**دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کۆسۆڤۆ بە شێوەیەکی ئاشتیانە مەترسی دروست ناکات**

*** دانیشتوانی کۆسۆڤۆ ئەلبانین، هەر لە کۆسۆڤۆدا بوونیان نییە بەڵکو لە چەندین وڵاتدا نیشتەجێن، پێت وایە سەربەخۆبوونی کۆسۆڤۆ هیچ کاردانەوە و رەنگدانەوەیەکی لەسەر ئەو وڵاتە دەبێت کە ئەلبانیەکانی تێدا نیشتەجێن، بۆ نموونە مەقدۆنیا؟**

- نەخێر، ئەم نیگەرانییە لە سەردەمی شەڕی کۆسۆڤۆدا سەری هەڵدا کاتێك وڵاتە دراوسێکان مەترسی ئەوەیان هەبوو ئەلبانیە ئاوارەکانی کۆسۆڤۆ رووبکەنە وڵاتەکانیان، دواتر دانیشتوانە ئەلبانییەکان خواست و ویستی سیاسیان تێدا سەرهەڵبدات، ئەگەرێکی دوورە درووستبوونی دەوڵەتێکی نوێ بۆ کۆسۆڤۆ بە شێوەیەکی ئاشتیانە هەمان ئاستی ئەو نیگەرانیانە بخولقێنێت کە لە رابردوودا هەبوون.

**دابەشکردن چارەسەرێکی حەتمیە بۆ عێراق**

*** گەر جیابوونەوەی کۆسۆڤۆ بە سەرکەوتویی کۆتایی پێهات، کاردانەوەکانی لەسەر عێراق چی دەبێت؟ پێت وایە لێکترازان و لێکهەڵوەشانەوەی یوگسلافیای پێشوو دەبێتە رێگا چارەیەك بۆ کێشە و گرفتەکانی وڵاتێکی وەکو عێراق؟**

- وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زەحمەتە. زۆرێك لە سیاستەمەداران ئەوانەی پشتگیری لە پلانی دابەشکردنی عێراق دەکەن دەگەرێنەوە بۆ رێککەوتنامەی دایتۆنی ساڵی (١٩٩٥) وەك نموونەیەکی سەرکەوتووی رێگا چارەی دابەشکردن، لەگەڵ ئەوەشدا، من یەکێکم لەو کەسانەی باوەڕم وایە دابەشکردن چارەسەرێکی حەتمیە بۆ عێراق، هەروەك ئەوەی لە کۆسۆڤۆدا هەبووە، لەبەر هۆکارێکی زۆر سادە ئەویش دەوڵەت هەڵدەستێت بە رەخساندنی دەرفەتگەلی نوێ( لە رێی سەروەریەوە) بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی ئەو ناکۆکیانەی لەو گرژی و ئاڵۆزیانەوە سەرهەڵدەدەن کە لە ئارادان، بەو پێیە، ئێمە لە ئایندەدا پلانی دابەشکردن دەبینین( دوای ئەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەکشێنەوە)، هەر چەندە پێویستە ئەم پلانە نیگەرانی دەوڵەتی تورکیا لەبەرچاو بگرێت بەوەی باکووری عێراق نەبێت پەناگەیەکی بۆ یاخیبوان(pkk) بۆ گۆڕینی هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیا لە ئاستی کێشەی کورددا، ئەندامێتی تەواوی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا وەك هۆکارێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە دەمێنێتەوە.

●●●
**نوخبەکانی رەوتی نەتەوەخوازی چیتر جڵەوی دەسەڵاتیان لە دەستدا نییە هەروەک لە رابردوودا لە دەستیان دابوو**
●●●

●●●
**ئەگەری ئەوە لە ئارادانییە بە هاوکاری و پاڵپشتی یەکێتی ئەوروپا بەرهەڵستی روسی و سربییەکان رێگە لە ئەنجامدانی راپرسی بگرێت بۆ سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ**
●●●

●●●
**باوەڕم وایە دابەشکردن چارەسەرێکی حەتمیە بۆ عێراق، هەروەک ئەوەی لە کۆسۆڤۆدا هەبووە**
●●●



■ پرۆفیسۆر ڤالێری ڤلیپ گانگۆن ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی کۆلۆمبیا و تا ساڵی١٩٩٥لە زانکۆی بەلگراد لە سڕبیا ئوستادی زانستی سیاسەت بوو. هەر بۆیە بۆچوونەکانی پرۆفیسۆر گانگۆن واقیعی سڕبیای پێوە دیارە و ئاگاداری ئەوەیە کە ئەلبانیەکانی کۆسۆڤۆ لە سڕبەکان جیاوازن و هەرگیزیش کۆسۆڤۆ نابێتە بەشێك لە سڕبیا.

بۆ قسەکردن لەسەر راگەیاندنی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لە هەیڤەپەیڤێکی کورتدا بەمجۆرە سەرنجی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی. ■

پرۆفیسۆر ڤالێری ڤلیپ گانگۆن

# هەموو دەزانن کۆسۆڤۆ بەشێک نییە لە سربیا بەڵام رووسیا هەوڵدەدات پێگەی سڕبیا بەهێز بکات

**ئەگەر كۆسۆڤۆ یەكلایەنە سەربەخۆیی رابگەیەنێت كاردانەوەی جۆراو جۆر دەبینین**

*** واچاوەرواندەكرێت ســەركردەكانی كۆسۆڤۆ لە مانگی داهاتوو بریاری ســەربەخۆیی بدەن، ئەگەر روسیا و سربیا دچی راوەستان كاردانەوەكان چۆن دەبن؟**

- مـن پێم وایە كاردانەوەكان جیاواز دەبن، ســربەكان بەو ســەربەخۆییە رازینابن و رووســیاش پشتگیری سربەكان دەكات. هەربۆیــە نیگەرانی ئەوە هەیە كە كۆســۆڤۆ بە شێوەیەكی یەكلایەنە جاڕی سەربەخۆیی بدرێت، بەو پێیە كاردانەوەی جیاواز بەدیدەكەین لە ناو خەڵكانی جیاوازدا.

**هەمووئەو راستیە دەزانن كۆسۆڤۆ بەشیک نییە لە سربیاو ناشبێتە بەشێک لە سربیا**

*** هەموو دنیا بە رووسیاو سربیاشەوە ئەو راستییە دەزانن كۆســۆڤۆ بەشــێك نیە لە ســربیا، كواتە ئەم دژایەتییە بۆچی؟**

- ئەمە كێشەیەكی سیاسیە لــە ســربیادا، هەرچەندە زۆرینــەی خەڵــك ئــەو راســتییە دەزانن كۆسۆڤۆ نابێتە بەشــێك لە ســربیا، بەڵام سیاســەتمەدارەكانی ســربیا ئەمەیــان كردۆتە كێشــەیەك. لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەوە پتر كێشەیەكی سیاســییە لە بری ئەوەی كێشەیەكی راستەقینە بێت. ئەوەی پەیوەندی بە رووسیاوە هەبێت ئەوا رووسیا پەرۆشی بەرژەوەندییەكانی كۆسۆڤۆ نیە، بەڵكــو پتر لە خەمی پتەوكردنی رۆڵی سربەكانە لە جیهاندا لە بەرامبەر وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكادا.

***دانیشــتوانی كۆســۆڤۆ ئەلبانین، هەر لە كۆسۆڤۆدا بونیان نیە بەڵكو لە چەندین وڵاتدا نیشتەجێن، پێت وایە سەربەخۆبونی كۆسۆڤۆ هیچ كاردانەوە و رەنگدانەوەیەكی لە سەر ئەو وڵاتانە دەبێت كە ئەلبانیەكانی تێدا نیشتەجێن، بۆ نمونە مەقدۆنیا؟**

من دڵنیانیــم لەبەر ئەوەی زانیاریەكی ئەوتۆم لە بارەی ئەلبانیەكانــی مەقدۆنیاوە نیە.

**مانەوەی عێراق بە شێوەیەكی یەكگرتوو یاخود دابەشكردنی مەسەلەیەكە دەبێت عێراقییەكان بریاری لەسەر بدەن**

***گەر جیابونەوەی كۆســۆڤۆ بە ســەركەوتویی كۆتایی پێهات، كاردانەوەكانی لەسەر عێراق چی دەبێت؟ پێت وایە لێكترازان و لێكهەڵوەشــانەوەی یوگسلافیای پێشو دەبێتە رێگاچارەیەك بۆ كێشــە و گرفتەكانــی وڵاتێكی وەكو عێراق؟**

من پێم وایە ئەمەریكیەكان بۆیان نیە چارەســەرێك بەسەر عێراقیەكاندا بســەپێنن، واتە مەســەلەی مانەوەی عێراق بە شــێوەیەكی یەكگرتوو یاخود دابەشكردنی مەسەلەیەكە دەبێت عێراقییەكان بریاری لەسەر بدەن.

**چارەسەرنەكردنی كێشەی كۆسۆڤۆ دەبێتە هۆكاری ناسەقامگیری لە ئایندەیەكی نزیكدا**

***پێت وایە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە لایەن كۆسۆڤۆوە، دەبێتە هۆی هێوركردنــەوەی باروودۆخەكە و كۆتاپێهێنانی توندوتیژی لە بەلكاندا؟**

- نەخێــر، من پێــم وانیە درێژەكێشانی باروودۆخەكە بەو شــێوەیەی ئێستا ببێتە مایەی ناســەقامگیری لە ئایندەی نزیكدا.

***-پێت وایە دابەشــبوونی عێــراق ببێتــە هــۆی هێوركردنــەوەی باروودۆخی ئەم وڵاتە؟**

- نەخێر.

**هۆكاری زۆربەی كێشەكانی جیهان ئەوەیە ئەمریكا ریگە چارەی بۆ دیاری دەكات**

***چ رێــگا چارەیــەك بەســەركەوتوو دەزانیت بۆ یەكلاكردنەوەی كێشــەی كۆسۆڤۆ؟**

من كەسێكی ئەمەریكیم، ئەوە بۆ خەڵكی كۆســۆڤۆ دەگەرێتــەوە. مــن پێــم وایە هــۆكاری زۆرێك لە كێشــەكان لــە زۆرێك لە ناوچەكانی جیهاندا بۆ ئەوە دەگەرێتەوە ئەمەریكیەكان پێیــان دەڵێن پێویســتە چ رێگاچارەیــەك بگرنەبەر و لــە چ چارەســەرێك دووربكەونەوە.

نیە.



**سربەكان بەو سەربەخۆییە رازینابن و رووسیاش پشتگیری سربەكان دەكات. هەربۆیە نیگەرانی ئەوە هەیە كە كۆسۆڤۆ بە شێوەیەكی یەكلایەنە جاڕی سەربەخۆیی بدات**

**زۆرینەی خەڵک ئەو راستییە دەزانن كۆسۆڤۆ نابێتە بەشێک لە سربیا، بەڵام سیاسەتمەدارەكانی سربیا ئەمەیان كردۆتە كێشەیەک**

**مەسەلەی مانەوەی عێراق بە شێوەیەكی یەكگرتوو یاخود دابەشكردنی مەسەلەیەكە دەبێت عێراقییەكان بریاری لەسەر بدەن**

**مستەفا قەرەعەلی ئۆغلۆ، سەرنووسەر و بەرپرسی هەردوو دەزگای ستار و یەنی شەفەق بۆ گوڵان:**

# دوای هەڵبژاردنەکان بۆ نوێنەرایەتیکردنی کورد کێبڕکێی گەرمی لەسەرکرا، چونکە AKP دەنگی زیاتری هێنا لەو پارتەی لایەنگری PKKی دەکرد

■ مستەفا قەرەعەلی ئۆغلۆ کەسایەتییەکی رۆشنبیری و دۆستی نزیکی رەجەب تەیب ئەردۆگانە, تا بڵێی هێمن و لەسەرەخۆیە , بەرپرسی یەکەمی هەردوو دەزگای ستار و یەنی شەفەق ە , بۆچوونەکانی بەرامبەر بە کورد خراپ نین و ئارەزووی لە هاوتەبایی و رێکخستنی ماڵی تورکیایە , بۆخۆ ئامادەکردن بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەورووپا,بە بۆچونی مستەفا قەرە عەلی ئۆغلو ئەوەیە پێویستە کوردیش لەنێو پرۆسەی سیاسی دیموکراتی تورکیا پەرە بە خەباتی سیاسی خۆیان بدەن ,چونکە بە رای ئەو ئەردۆگان دەرگاکانی واڵا کردووەو زەمینە لەبارە بۆ خەبات , دوور لە پەنا بردنە بەر توندوتیژی , بۆیە ئەو تا ئێستا PKK بە تیرۆریست دەزانێ , چونکە بەقسەی ئەو خەڵك دەکوژن , هیوایەکی ئێکجار زۆریشی بە ئەردۆگان هەیە کە بتوانێ گرفتە سیاسییەکان چارەسەر بکات , چونکە ئەردۆگانی بەلاوە سەرکردەیەکی لێهاتووەو پێی وایە دەتوانێ چاری هەموو ئەوگرفتانە بکات کە رووبەڕووی تورکیا بوونەتەوە بە کێشەی کوردیشەوە. گوڵان بە پێویستی زانی کەسایەتییەکی رۆشنبیری نزیك لە ئەردۆگان بدوێنێ , بەڵام بەهۆی ئاپۆڕەی شەقامەکانی تورکیا لە ئۆتۆمبێل هەندێك دواکەوتین , ئەمە لەکاتێکدا دیمانەی محەمەد عەلی بیراند دەبوو دوای یەك کاتژمێر لە کاتی دیاریکراوی مستەفا قەرە ئۆغلو ئەنجام بدرێ, بیراند یش ئامادە نەبوو کاتە دیاریکراوەکەی خۆی بۆ کاتێکی دیکە بگۆڕێت , بۆیە ناچار دیمانەیەکی کورتمان لەگەڵ مستەفا ئۆغلو کرد , کە ئومێد وایە لە هەلێکی ترداو لە هەرێمی کوردستان دا دیمانەیەکی تێروتەسەلی لەگەڵدا بکەین. ■





PKK ڕێكخراوێكی تیرۆریستیه، توركیا پشتگیرییەكی گەورەی هەیەو لەلایەنی دیبلۆماسیدا زیاتر پشتگیری لە توركیا دەكرێت، ئێستا توركیا ئەم پشتگیرییەی بەدەستهێناوە

دوای هەڵبژاردنەكان بۆ نوێنەرایەتیكردنی كورد كێبڕكێی گەرمی لەسەركرا، چونكە AKP دەنگی زیاتری هێنا لەو پارتەی لایەنگری PKKی دەكرد

ئێمە وا پێشبینی دەكەین لە هەڵبژاردنی داهاتووی ناوخۆیی وا بڕیارە لە ساڵی ٢٠٠٩ بەڕێوەدەچێت، AKP زۆری دەنگەكان بەدەست بهێنێت

ڕاستە مەسەلە ئەوەیە كێ لە هەڵبژارن سەركەوتوو بوو یان نا، بەڵام لەوەش گرنگتر چارەسەركردنی كێشەكەیە

**گـــوڵان:** زۆر خۆشـــحاڵین كه بۆ یەكەمجاره لەگەڵ سەرنووســـەری ڕۆژنامەی ســـتار و یەنی شەفەق و بەرپرسی ئەم دوو دەزگایەو هەروەها لەگەڵ كەسایەتییەكی ڕۆشنبیری نزیك لە سەرۆكی حكومەتی توركیا دابنیشین , لەلایەك بۆ دروستكردنی جۆره پێوەندییەك لەنێوان ڕۆشنبیرانی تورك و كورد و لە نزیكەوە خوێندنەوەی هەرلایەك بۆ لایەكەی تر , هەروەها لە لایەكی تریشەوە , ئاشنا بوونی هەرلایەكمانە بە واقیع و حەقیقەتەكانی یەكتری چلە ڕووی سیاســـیەوە , چ لە ڕووی ڕۆشنبیری و....بێگومان ئەمە دەبێتە هۆی جۆرێك لە چارەســـەركردنی ئەو كێشانەی كە تا ئێستا بەداخـــەوە لە نێوان هەردوولادا دروســـت بووە، خۆ ئەگەر بشـــتوانین بە هەردوو لا لۆبیەك دروست بكەین بۆ بۆ سەر هەردوو حكومەتی توركیاو هەروەها هەرێمی كوردستانیش هەڵبەت ئەوە باشتر.

ئێســـتا دەمانەوێت هەندێك پرسیار ئاراستەی بەڕێزتان بكەین، گەلی كـــورد بۆ ماوەیەكی زۆر درێژە لـــە میزۆپۆتامیا دەژیت كە مێژووەكەی بۆزیاتر لە ٥-٦ هەزار ســـاڵ دەگەڕێتەوە، كەچی دەوڵەتی تورك نكۆڵی لـــە بوونی كورد دەكات, ئەمە لە كاتێكدا كە هەموومان لەســـەردەمێكدا دەژین كە ســـەردەمی جیهانگەراییە كەچـــی بەدرێژایی مێژوو دەوڵەتی عوســـمانی هەوڵیانداوە كە كوردەكان فێری زمانـــی كوردی نەبن بەڵام كوردەكان هەر مان و بەردەوامن لەسەر زمانەكەیان, پرسیار ئەوەیە ئایا تۆ وەك سەرنووسەرێك لە وتارەكانتدا هەوڵیداوە كە كاریگەریت هەبێت لەسەر ئەو نكۆڵیكردنەو ناساندنی كورد وەكو خۆی؟.

مستەفا قەرە عەلی ئۆغلو: وەك دەزانن حكومەتی توركیا سیاسەتێكی وەهای گرتبووەبەر, مەبەســـتم حكومەتەكانی پێشـــترە , بەڵام ئێســـتا حكومەت ئەم سیاســـەتە پەیڕەو ناكات و ئەم سیاســـەتە بە كارناهێنێت، ســـەركردەكانی توركیاش زۆر بە ڕوونی و ئاشكرایی دان بەوە دادەنێن كە كوردیـــش هەیە لە توركیا وە توركیش وە ئەرمەنیش هەن , ئەمە واقیعەو حكومەتیـــش نكولی لێ ناكات, بەڵام هێشـــتا ڕێژەیەكی كەم لە توركیا ئینكاری لە بوونی كورد دەكەن.

**گوڵان:** مەبەستمان مافە نەتەوەییەكانی كوردە؟

مســـتەفا قەرە عەلی ئۆغلو: بۆخۆی كێشـــەی كوردیش لەو خاڵەوە دەســـتپێدەكات كە دان بە بوونی كورد نانرێت، ســـەبارەت بەو پرسیارەی بەڕێـــزت , ئێســـتا زۆر لـــە ڕۆشـــنبیرانی تـــورك هەوڵی ئەوە دەدەن كە ئەو مەســـەلەیە چارەسەر بكـــەن، لـــە ئەنجامـــی ئەمەدا، هەرچەنـــدە لەبـــارەی چوونە ناو یەكێتی ئەوروپادا هەنگاوی باشی بۆ ناوە بەڵام ئەمانە بەپێی پێویست نین، پێویســـتە لەسەرمان كە زیاتر بە بەزەیی و یەكســـانی بەرامبەر كوردەكانی توركیا مامەڵە بكەین، داواكارییەكانی ئێمە لە حكومەتی توركیا ئەوەیە كە سیاسەتێكی وەها بگرێتەبەر, ئەو نەتەوانەی ناوچەكە مافی خۆیان بەدەســـتبهێنن و بە زمانی خۆیان بخوێنن، بەڵام زەمان دەگۆڕێ و , بێگومان مرۆڤەكانیش دەگۆڕێن , كەواتە توركیاش دەبێ خۆی لەگـــەڵ گۆڕانكارییەكانی جیهاندا بگونجێنێت.

**گـــوڵان:** ئایا ئەم شـــتانە لە نووســـینەكانتدا ڕەنگیداوەتەوە؟ لە لە دانیشتنەكانتدا لەگەڵ گەورە بەرپرسانی حكومەت باست كردووە؟

مســـتەفا قەرە عەلی ئۆغلو: بەڵێ، بەڵـــێ زۆر زیاتریش لەمە، ئەم پرسیارانە زۆر ئاساییەو لە كۆنفرانسەكانی توركیادا باسی لەسەر دەكرێت ، بەڵام ئێســـتا لە بارودۆخێكی وەهادایـن كە تیـــرۆر لە ئارادایە، ئینجا زۆر بە ئاســـاییش باسی دەكرێت، كۆنفرانســـی بۆ دەكرێت و كۆڕی بۆ دەگێڕدرێت، بۆیە ئێســـتا باس لە مافی كورد دەكرێت چونكە ئێستا ئەو بابەتە لە توركیا زۆر گفتوگۆ و باسی لەسەر دەكرێت.

**گـــوڵان:** حزبەكەی ئـــەردۆگان دەنگێكـــی زۆری بەدەســـتهێنا لە هەڵبژاردنەكان، سەرۆك كۆمارو سەرۆكپەرلەمان و سەرۆكی حكومەتیشیان گرتە دەســـت، ئەمەش زیاتـــر بەهۆی ئەوەبوو كـــە ناوچە كوردییەكان دەنگێكی زۆریان بە ئـــەردۆگان دا , بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری زیاتریان پێشكەش بكات، بەڵام ئەوە ماوەی ٦ مانگە هیچ خزمەتێك نەكراون، ئایا ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت كاریگەری نێگەتیڤ بۆسەر AKP بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو دروست نابێت بۆ ئەوەی دەنگی پێنەدەن و ئەو ڕێژەیە بە دەســـت نەهێنێت؟ وەك خۆت دەزانـــی لەجیاتی كاری خزمەتگوزاری حكومەت چووە پاڵ ســـوپا و ئۆپەراسیۆنی عەســـكەریان ئەنجامدا لەم ناوچەیە؟

مســـتەفا قەرە عەلی ئۆغلو: بەدەستهێنانی دەنگێكی وەها زۆر لەبەر ئەوە نەبوو كە پێشـــتر هیچ بەڵێنێكیان بە خەڵكی ناوچەكە دابێت، بەڵكو پێشـــتر ڕەجەب تەیب ئەردۆگان هەندێ كاری لـــەم ناوچەیەدا كردبوو، وە گفتوگۆی لەگـــەڵ ناوچەكەدا كردبوو دیالۆگ و پەیوەندی لەگەڵ خەڵكی ئەو ناوچەیە دروستكردبوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەم ژمارەی دەنگە بەدەست بهێنێت.

بەڵام لە ڕاســـتیدا كارەكانی PKK لـــەم دواییەدا بووە هۆی ئەوەی كە حزبەكەی ئەردۆگان پەیوەندی لەگەڵ ئەو ناوچەیە دروســـت بكات، هەندێك هیواو داخوازی هەن لەو ناوچانە كە بە قەناعەتی من ئەردۆگان لەگەڵ ئەو شـــتانەیەو لێیـــان تێدەگات، بـــەڵام كارە تیرۆرییەكانی ئەم دواییەیPKK بووە ڕێگرو ئاســـتەنگ لەبەردەم پێشكەوتنی ناوچەكەو پرۆسەی دیموكراتی لە توركیا.

**گوڵان :** تۆش لەگەڵ من نیت كە بوون و ســـەرهەڵدانی PKK لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە تەندو تیژە دەركـــەوت كە حكومەت بەرامبەر بە كورد هەیبوو؟



مســـتەفا قەرە عەلی ئۆغلو: بەڕای من حكومەتی ئەردۆگان نیيەتێكـــی پاكـــی هەیـــە بـــۆ چارەســـەركردنی كێشەی كورد، بـــەڵامPKK چونكە كاریگەری و ســـەنگی خـــۆی لـــە ناوچە كوردییـــەكان كەمبووەتەوەو بۆیە بەم كارانـــەی دەیەوێت جارێكی تر سەنگی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگەڕێنێتەوە.

**گـــوڵان:** ئـــەردۆگان لەبـــەر عەسكەر زۆرجار پاشەكشە دەكات و لە هەندێ شـــت سڵ دەكاتەوە , ئەمـــەش جۆرێك لـــە متمانە نەبـــوون بەرامبەر ئـــەردۆگان پەرەدەسێنێ؟

مســـتەفا قەرە عەلی ئۆغلو:

لەگەڵ ڕووداني كارەكاني تيرۆری PKK بۆ یەكەمجار كێشەی كورد خرایە ناو قاڵبێكی سیاسی، تەنانەت توركوت ئۆزالیش هەوڵی ئەوەی نەدەدا كە لەلایەنی سیاسییەوە كێشەكە چارەسەر بكات، ئەردۆگان بە ڕاستی دەیەوێت كێشەكە چارەسەر بكات، وە بۆ ئەمە دەیەوێت زەمینەیەكی هەماهەنگی ڕێك بخات، وە بە بەردەوامی هەوڵدەدات و دەرفەت دەخاتە بەردەست تا كێشەكە چارەسەر بێت.

**گوڵان:** ئەو دەرفەتە دەبێت حكومەت دابینی بكات و ئێستاش ئەودەرفەتە هەیە بەڵام بڕیاری ئازایانەی دەوێ.

**مستەفا قەرە عەلی ئۆغلو:** بێگومان، ڕاستە دەبێت ئەم دەرفەتە بدرێت , ئێستا بڕیارێكی بەزاندنی سنووری لەبەردەستدایە، ئەگەر ئەم بڕیارە جێبەجێ بكات حكومەت زۆر پشتگیری دەكات، بەڵام ئەو نایەوێت جێبەجێی بكات.

**گوڵان:** ئێستا كاتێك توركیا باس لە مافی نەتەوەیی گەلی كورد دەكات بە ڕێگای گفتوگۆ دوور لە PKK، بەڵام PKK لۆبییەكی گەورەی هەیە لە ئەوروپا، ئەڵمانیا، بەهیچ شێوەیەك ناكرێت باس لە چارەسەركردنی كێشەی كورد بكرێت بەبێ PKK ئایا بوارێك نییە بۆ ئەوەی PKK ش بێنەوەو گفتوگۆی سیاسی واڵابێت؟

**مستەفا قەرە عەلی ئۆغلو:** ڕاستە، هەموومان دەزانین، PKK جەماوەرێكی زۆری هەیە لە ئەوروپا، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین كە توركیا وەك ئەندامێكە لە یەكێتی ئەوروپا، هەروەها PKK ڕێكخراوێكی تیرۆریستییە، دەوڵەتی توركیاش ناتوانێت لەگەڵ ڕێكخراوێكی تیرۆریستی دابنیشێت، ئەویتریشیان لە یاسای دونیادا PKK ڕێكخراوێكی تیرۆریستیە، توركیا پشتگیرییەكی گەورەی هەیەو لەلایەنی دیبلۆماسیدا زیاتر پشتگیری لە توركیا دەكرێت، وە ئێستا توركیا ئەم پشتگیرییەی بەدەستهێناوە.

**گوڵان:** توركیا بۆ ئەوەی بچێتە ناو یەكێتی ئەوروپا ڕێگەیەكی زۆر گرنگی لەبەردەمدایە بەر لە ٢٠٠ ساڵ بولگاریا كە كەمینەیەكی توركی تێدایە، دوای ئەوەی مافینەتەوەیی بەم توركانەی وڵاتی خۆی دا چووە ناو یەكێتی ئەوروپا، بەڵام توركیا نایەوێت مافی كورد بدات چۆن دەچێتە ناو ئەوروپا؟

**مستەفا قەرە عەلی ئۆغلو:** بە ڕای من دوای هەڵبژاردنەكان بۆ نوێنەرایەتیكردنی كورد كێبڕكێی گەرمی لەسەركرا، چونكە AKP دەنگی زیاتر هێنا لەو پارتەی لایەنگری PKKی دەكرد.

**گوڵان:** ڕاستە، بەڵام دوای ئەم ئۆپەراسیۆنی عەسكەرییە و ئەگەر هەڵبژاردن بكرێتەوە AKPئەو دەنگە بەدەست ناهێنێت؟

**مستەفا قەرە عەلی ئۆغلو:** بیروڕای وەها هەڵەیە، تەنیا ٤ مانگ تێپەڕیوە لە هەڵبژاردن، ئێمە وا پێشبینی دەكەین لە هەڵبژاردنی داهاتووی ناوخۆیی وا بڕیارە لە ساڵی ٢٠٠٩ بەڕێوەدەچێت، AKP زۆری دەنگەكان بەدەست بهێنێت، ڕاستە مەسەلە ئەوەیە كێ لە هەڵبژارن سەركەوتوو بوو یان نا، بەڵام لەوەش گرنگتر چارەسەركردنی كێشەكەیە، ئەردۆگان مەبەستی نییە كە ئۆپەراسیۆن لە دەرەوەی سنوور ئەنجامبدا، لەبەر ئەوە من لەو بڕوایەدام كە پەیوەندی PKK لەگەڵ خەڵكی ناوچەكە(كوردەكانی توركیا ) كەم بكرێتەوە، هەتا PKK شەڕی چەكداری بكات، توركیا سەقامگیر نابێت و، توركیاش پەیوەندی لەگەڵ كوردستانی عێراق باش نابێت.

**گوڵان:** تۆ وەكو سەرنووسەرێك و وەكو بەرپرسی دوو دەزگای ڕاگەیاندنی توركی چاوەڕێی ئەوە دەكەیت كە لێبوردنێكی گشتی بۆ PKK و غەیری PKK دەربكرێت؟

**مستەفا قەرە عەلی ئۆغلو:** نا، چاوەڕێی شتێكی وەها(لێبوردنی گشتی )لە حكومەتی توركیا ناكەم، ئێستا هەرچەندە لێبوردنێكی گشتی نەبێت بەڵام ئەو شەڕوانانەی لە PKK جیا دەبنەوە و دەگەڕێنەوە هیچیان پێ ناگوترێ و هیچیان لێ ناكرێت، با وا بیر نەكەینەوە كە PKK بیەوێت لێبوردن بۆ ئەندامەكانی دەربكرێت.

**گوڵان:** با بێینەسەر مەسەلەی هەرێمی كوردستانی عێراق ماوەی ١٦ ساڵە حكومەتی سەربەخۆی هەیەو بەردەوام هەوڵی پەیوەندی ئاشتیخوازانە دەدات لەگەڵ توركیا، بەڵام توركیا پێشوازی ئەمە ناكات، بۆچی؟

**مستەفا قەرە عەلی ئۆغلو:** منیش پێمولیە كە ئەم پەیوەندییە پێویستە, هەرچەندە تائێستاكە نەكراوە، بەڵام پرسێكی گرنگ و گەورەیە، بەڵام هەموو كێشەكە PKK یە، بۆتە ئاستەنگ و بیانوو نموونەیەكی ئەوەندە خراپە بۆسەر نەبوونی پەیوەندی نێوان توركیاو كوردستانی عێراقیش.

**گوڵان:** بەڵام ئەمە شتێكی هەڵەیە، بەستنەوەی ئەم دووەمەسەلەیە بە یەكەوە، چونكە ئەم دووەمەسەلەیە لە یەكتر جیاوازن , PKK پەیوەندی بە باری ناوخۆی توركیاوە هەیە , ئێمەش تا ئێستا بە پێی دەستووری عێراق كارو ئەرك و هەموو كاروبارەكانمان لەگەڵ حكومەتی عێراقە، پێشتر كوردی عێراق لە شاخ بوو خەباتی دەكرد دژی حكومەتی بەعس (سەدام) ئایا چ پەیوەندییەكمان بە توركیاوە هەبوو؟؟

**مستەفا قەرە عەلی ئۆغلو:** منیش وا دەڵێم، بەستنەوەی ئەم دوو لایەنە ڕاست نییە، ئەو ئازادییەی كە لەلایەن مەسعود بارزانی و مام جەلالەوە بەدەست هاتووە، نایانەوێت بیخەنە بەردەست PKKوە، ئەم دەستكەوتانە گەورەن، بەڵام ئەوەش ڕاستییەكەیە كە دەبێ هەمووومان بیزانین كاتێك لە توركیاوە سەیری هەرێمەكە دەكەین، دەبینین PKK لەوێ شوێن و شوێنگەی خۆی هەیە.

**گوڵان:** ئایا بەڕێز مستەفا نایەوێت سەردانی كوردستان بكات بۆ بینینی ئەزموونی ئاوەدانكردنەوەی كوردستان و دروستكردنی پەیوەندی نێوان هەردوولادا؟

**مستەفا قەرە عەلی ئۆغلو:** وەكو خۆم بە كەمتەرخەم دەزانم كە تائێستا نەچوومە، وە لە فرسەتێكدا دەمەوێت بچم و ئەو كاتە پێوەندییان پێوە دەكەم.



●●●

**ئەردۆگان مەبەستی نییە كە ئۆپەراسیۆن لە دەرەوەی سنوور ئەنجامبدا، لەبەر ئەوە من لەو بڕوایەدام كە پەیوەندی PKK لەگەڵ خەڵكی ناوچەكە(كوردەكانی توركیا) كەم بكرێتەوە، هەتا PKK شەڕی چەكداری بكات، توركیا سەقامگیر نابێت و، توركیاش پەیوەندی لەگەڵ كوردستانی عێراق باش نابێت**

●●●

●●●

**چاوەڕێی شتێكی وەها(لێبوردنی گشتی)لە حكومەتی توركیا ناكەم، ئێستا هەرچەندە لێبوردنێكی گشتی نەبێت بەڵام ئەو شەڕوانانەی لە PKK جیا دەبنەوە و دەگەڕێنەوە هیچیان پێ ناگوترێ و هیچیان لێ ناكرێت، با وا بیر نەكەینەوە كە PKK بیەوێت لێبوردن بۆ ئەندامەكانی دەربكرێت**

●●●

●●●

**ئەو ئازادییەی كە لەلایەن مەسعود بارزانی و مام جەلالەوە بەدەست هاتووە، نایانەوێت بیخەنە بەردەست PKKوە، ئەم دەستكەوتانە گەورەن، بەڵام ئەوەش ڕاستییەكەیە كە دەبێ هەمووومان بیزانین كاتێك لە توركیاوە سەیری هەرێمەكە دەكەین، دەبینین PKK لەوێ شوێن و شوێنگەی خۆی هەیە**

●●●



## لەکۆنفرانسی یەکێتی ئەوروپا بۆ چارەسەر

# دەستووری بنچینەیی وڵات دان
# زەمینەی زیاتر بۆ



کردنی پرسی کورد داوا لەتورکیا کرا

# بەناسنامەی کوردان بنێت و DTP خۆشبکرێت



لەکۆنفرانسی یەکێتی ئەورووپا بۆ چارەسەر

# دەستووری بنچینەیی وڵات دان زەمینەی زیاتر بۆ



کردنی پرسی کورد داوا لەتورکیا کرا

# بەناسنامەی کوردان بنێت و DTP خۆشبکرێت



یۆست لاگەندژیک هاوسەرۆکی دەلەگاسیۆنی پەرلەمانی تورکیا و یەکێتی ئەوروپا بۆ گوڵان:

# کێشەی کورد لەتورکیا دوو لایەنەیە دەبێ لەگەڵ DTP چارەسەر بکرێ

■ کۆمسیۆنی یەکێتی ئەوروپا کۆنفرانسی ساڵانە لەبارەی پرسی کورد لەبرۆکسڵ ڕێکدەخات. هەروەها لەبەرامبەر ئەو وڵاتانەی بەرئەندامن بۆ یەکێتی ئەوروپا راپۆرتی پێشکەوتنەکان پێشکەش دەکرێت. لە راپۆرتی ئەمساڵدا رەخنەیەکی زۆر لە تورکیا گیراوە. کۆمیتەی یەکێتی ئەوروپا دەستنیشانی کردووە تورکیا تازە لە قۆناغی هەڵبژاردن تێپەڕیوە. لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا دەخوازێت هەندێك ریفۆرم ئەنجامبدات، بەگشتی لە تورکیا لەبەر ئەشکەنجە و نەبوونی ئازادی و مافی مرۆڤ و ئازادی بیرورڕا تا ئێستا پێشکەوتنە چاوەڕوانکراوەکان ئەنجام نەدراوە و داواکراوە دەربارەی ئەم خاڵانە ریفۆرم ئەنجام بدرێت، دەربارەی ئەم ریفۆرمانە هاوسەرۆکی دەلەگاسیۆنی پەرلەمانی تورکیا و یەکێتی ئەوروپا یۆست لاگەندژیك بۆ گوڵان باسی لەسەرنج و تێڕوانینەکانی خۆی کرد.
ئەو بەرپرسە ئەوروپییە، کە بەرەچەڵەك هۆڵەندییە، لەتورکیا پێشنیاری ڕێبازی سیاسی و دیموکراتی بۆ پرسی کورد دەکات، هەروەها لاگەندژیك تێڕوانینی دەربارەی پرسی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و چەند پرسێکی دیکەش بۆ ئاشکرا کردین.■

*** تا چەند دەتوانین راپۆرتی ئەمساڵ بە راپۆرتی »پێشکەوتنەکان« ناوزەد بکەین، تۆ ئەم هەلومەرجە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بەڵێ راستە، ئەم راپۆرتە ئاماژە بە پێشکەوتنی زۆر خاڵ ناکات، بەڵام هەمان راپۆرت باس لە ئەگەری ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا دەکات.

کۆمسیۆنی یەکێتی ئەوروپا ئێستاش داوا لە تورکیا دەکات پێڤاژۆی ریفۆرمەکانی زیندوو بکات و ئەنجامیان بدات. کۆمسیۆنی ئەوروپا لە خەیاڵی ئەوەدایە کە ئێستاش ئەندامێتی تورکیا بۆ یەکێتی ئەوروپا پێویستی بە هەوڵدانێکی گەورەیە، لەبەرئەوە کۆمسیۆن پشتگیری لە ئەندامێتی تورکیا دەکات بۆ یەکێتی ئەوروپا و وەکو هەوڵدانێکی ستراتیژیی دەبینن.

*** یەکێتی ئەوروپا بۆ پرسی کورد چۆن بیر دەکاتەوە؟ ئایا تێڕوانینێکی تازە هەیە؟**

- ئێستا یەکێتی ئەوروپا باس لە سێ خاڵی سەرەکی دەکات، ئازادی بیرورڕا، خاڵی ٣٠١، پرسی کورد و باڵادەستی سوپا لەسەر سیاسەت. کۆمیسۆن دەربارەی ئەو خاڵانە دەخوازێت تێڕوانین و سیاسەتێکی روون هەبێت و کێشەکان چارەسەر بکرێت. بەڕای من کێشەی کورد لە تورکیا بە تەنیا چارەسەر نابێت، ئەم پرسە پرسێکی دوولایەنە، پێویستە لەگەڵ کوردان چارەسەر بکرێت.

هەروەها کۆمسیۆن ئەم پرسە بە پرسێکی گرنگ دەزانێت و دەخوازێت چارەسەر بکرێت. ئەم رووداوانەی لەم هەفتەیەی رابردوو روویاندا زۆر خزمەت بە پێڤاژۆی چارەسەریی دیموکراتیانە ناکەن. AKP و ئەردۆگان و گول و عەلی باباجان بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە دەتوانن رۆڵی گرنگ

بگیرێن. لەلایەکی دیکە پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP هەیە، هەبوونی DTP لەپەرلەمان زۆر گرنگە. DTP و AKP دەتوانن بۆ چارەسەری بێ توندووتیژی لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیموکراتیانە رۆڵ بگێرن. بەداخەوە ئێستا AKP و DTP دژایەتی یەکتری دەکەن.

ئێستا PKK و سوپا لە گۆڕەپان دان، بەڕای من پێویستە پەکەکە بێ شەرت شەڕ رابگرێت، ئەمە کارێکی زۆر باش دەبێت. DTP بۆ چارەسەریی هەڵبژاردراوە، ئەگەر DTP لەدەرەوەی پەرلەمان بووایە، ئەوکات شەڕی نێوان هەردوولا مانای دەبوو.DTP کەوتە پەرلەمان پێویستە هەموو لایەك بزانن پێویستی بە شەڕ نەماوە، ئاشکرایە پەکەکەش دەخوازێت پرسەکە چارەسەر بکرێت، بۆ ئەمەش پێویستە شەڕ گەرم نەکات لەبەر ئەوەی شەڕ ئەم دەرفەتە لەدەستدەدات.

*** ئێستا لەتورکیا لەلایەن ناوەندە شۆڤێنییەکانەوە کامپێنێك بۆ داخستن و یاساغکردنی DTP لەژیانی سیاسیی تورکیا دەستی پێکردووە. ئایا هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا پەیوەست بەم مەسەلەیە چۆنە؟**

- ئەو مەسەلەیە لەرۆژانی داهاتوو دەکەوێتە رۆژەڤی یەکێتی ئەوروپاوە. بەبڕوای من ئەو مەسەلەیە دەبێتە هۆکارێك بۆ پەکخستنی وتووێژەکان و پرۆتۆکۆڵی ٨ خاڵی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا.

ئێمە پێمانوایە ئەو ستراتیژە سیاسییەی DTP بۆ ئۆتۆنۆمیزەکردنی تورکیا لەدژی پرەنسیپەکانی دیموکراسیی و پێوانە سیاسییەکانی کۆپنهاگن نییە. هەروەك دەزانێ لەوڵاتانی بریتانیا، ئەڵمانیا و ئیسپانیاش ئەو مۆدێلە بەدیدەکرێت و هەموو ئەو وڵاتانە هەرێمی ئۆتۆنۆمیان هەیە.

*** بەڵام پێشتر یەکێتی ئەوروپا رایگەیاندبوو ئەوان پشتگیری لە ئەنجامدانی لەشکرکێشی دەکەن؟!**

- بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، ئێمە لایەنگری رێبازی دیموکراتیین.DTPلەپەرلەماندایە.

پێویستە ئەم دەرفەتە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، هەروەها پێویستە سوپای تورکیا لە گۆڕەپانەکە دوور بکەوێتەوە. سوپای تورکیا لە دژی پەکەکە و لەدژی سوپا شەڕ دەکەن. لەبەر ئەمەش لە گۆڕەپانەکە شوێن بۆ سیاسەت کردن نەماوە، ئەمەش بۆ کوردان ئەگەر کاتێکی زۆر بخایەنێت زۆر باش نییە، هەموو کەس دەزانێت لە کۆتایدا پێویستە چارەسەریی سیاسیانە تاکە مەسەلەی هەموو لایەك بێت.. بەڕای من DTP پێویستە بۆ ئەوەی لەمەیدانی چارەسەری ئاشتیانەدا رۆڵی هەبێت، دەبێ خۆی پێش بخات.

*** بەڵام پێویستە تورکیا هەنگاو بنێت، راپۆرتی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپا چۆن شی دەکەنەوە؟**

لە راپۆرتی پێشکەوتنەکان دیارە کە کۆمیسیۆن لە هەندێك گرفت و تەنگاسیدایە. لەبەر ئەوەی ئامادەکردنی راپۆرتی دەوڵەتانی بەرئەندام کارێکی زەحمەتە. لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧پێشکەوتنی بەرچاو دیار نییە، گرنگترین پرس، ئازادی بیروڕا، پرسی کورد، هەقیقەتی رۆڵی سوپایە لە ژیانی سیاسی تورکیادا، دەربارەی ئەم پرسانە پێشکەوتنی بەرچاو و گرنگ روویان نەداوە ئەمەش لە راپۆرتەکە رەنگیداوەتەوە.

کۆمیسیۆن رایگەیاندووە وەکو ساڵانی رابردوو بۆ ئەم مژارانە خەباتێکی لایەق نەکراوە، پێشکەوتن تۆمار نەکراوە. بەڕای من کۆمیسیۆن دەبارەی ئەندامێتی تورکیا بۆ یەکێتی ئەوروپا هەندێك داخوازی بەمشێوەیە پێشکەش دەکات.. ئێمە داوا دەکەین بە پێشنیاری تازە ئامادەبن لەبەرامبەرمان. ئێمە وەکو کۆمسیۆن دەزانین تورکیا تازە لە پێڤاژۆی هەڵبژاردن دەربازبووە، بەڵام پێویستە دەربارەی پرسی کورد، ئازادی بیروڕا، هەقیقەتی رۆڵی سوپا هەوڵ و کۆششێکی جیدی بدرێت.

ئەوە دەستنیشانکراوە سوپا لە مانگی نیسان و ئایاردا لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار موداخەلەی ئیش و کارەکانی حکومەتی مەدەنی و دادگاکانی کردووە. ئەم موداخەلەیە کۆمیسیۆنی زۆر ئازارداوە. من سەدان جار گوتوومە نابێت سوپا دەستوەربداتە نێو کاروباری سیاسییەکان، لە راپۆرتەکە باس دەکرێت دەربارەی ئەم خاڵانە هەندێك گرفت هەیە. هەروەها ئاشکرابووە دەربارەی ئەم خاڵانە پێشکەوتن روونەداوە پێویستە سوپا جگە لە کاری خۆی، موداخەلەی کاری تر نەکات. ئێمە هەمووڵایەك داوا لە حکومەتی تورکیا دەکەین دەربارەی پرسی کورد و سزای ماددەی ٣٠١ و خاڵەکانی دیکە هەنگاوی جددی بنرێت بۆ چارەسەرکردنیان. پەیامی راپۆرتەکەمان دیارە دەڵێت پرسەکان چارەسەر نەکراون و چاوەڕێی چارەسەرین.


داوا لە تورکیا دەکرێت توخوا هەندێك پێشکەوتن ئەنجام بدەن ئێمە چاوەڕێی ئەدائی تورکیا دەکەین، بۆ ئەوەی وەڵامێکی شایستەی راپۆرتەکەمان بداتەوە.


*** دوا پرسیارمان لەبارەی ئەگەرەکانی لەشکرکێشی تورکیایە، ئێوە چۆن لەهەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر ستاتۆی هەرێمی کوردستانی عێراق دەڕوانن؟**

- بۆچوونی ئێمە پەیوەست بەم مەسەلەیە ئاشکرایە، ئێمە دژی بەزاندنی سنووری نێودەوڵەتی و پێشێلکردنی سەروەری وڵاتانین، لەو بڕوایەداین دەبێ تورکیا بۆ چارەسەرکردنی پرسی ئاسایشی وڵاتەکەی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی کورد (DTP) لەپەرلەمان وەکو موخاتەب قەبوڵ بکات، هەروەك پێویستە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی کوردەکانیش دانوستان بکات بۆئەوەی کێشەکان بەڕێبازی سیاسیی و ئاشتیانە چارەسەربکرێت. لەبەرئەوە لەو بڕوایەداین هەزار کاتژمێری دیالۆگ لەتەقاندنی فیشەکێك باشترە. بۆیە دەبێت هەرچی زووترە تورکیا مافەکانی کورد لەوڵاتەکە فەراهەم بکات و زەمینەی زیاتر بۆ نوێنەرەکانی DTP بڕەخسێنێت. بەهەمان شێوە دەبێ مامەڵەیەکی دیموکراتیانە لەگەڵ دراوسێ کوردەکەیان لەباکووری عێراق بکەن و هەردوولا هەماهەنگ بن بۆ هێنانەکایەی سەقامگیریی سیاسیی لەرۆژهەڵاتی ناوین و بەرەنگاربوونەوەی ستراتیژی تیرۆریزم.



# كۆسۆڤۆ.. هەنگاو بەرەو لوتكەی سەربەخۆیی و خۆئامادەكردن بۆ ئاستەنگەكانی پاشماوەی شەڕی سارد





محەمەد عەلی بیراند:

**من وەكو مرۆڤێكی لیبراڵ كاتێك دەبینم پەكەكە خەڵك دەكوژێت ناتوانم هەنگاو بنێم بۆ چارەسەركردنی كێشەكان**



مستەفا قەرەعەلی ئۆغلۆ

**دوای هەڵبژاردنەكان بۆ نوێنەرایەتیكردنی كورد كێبڕكێی گەرمی لەسەركرا، چونكە AKP دەنگی زیاتری هێنا لەو پارتەی لایەنگری PKKی دەكرد**

**بیست ملیۆن دۆلار بۆ یەك فیلم**



**پیاوێك لە تەماعی ماڵی دونیا ژیان لەخۆی تێكدەدات!**



سوارە محەمەد پیربال

**لەبەر نەبوونی پشتگیری و هاوكاری بەنیازم واز لە یاری بەرزكردنەوەی قورسایی بهێنم**



**ڕەنگی سپی هێمای جوانی و ناسكی بۆ خانمان**



■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوكەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فوئاد سـدیق**
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@yahoo.com
تەلەفون: ٢٢٣٢٣٨٥
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٢٣٥٨

■ جێگری سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hussn
frhd_mhmd@yahoo.com
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
**شوان تاڤینگ**
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ
**محەمەد قادر**

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەكان
**ساڵح عومەر قادر**
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ دیزاین
**لوقمان ڕەشیدی**

■ فایلەكان
شەماڵ نووری: ئابووری
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
خەلیل بلەیی: هونەری
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناوونیشان: هەولێر ، شەقامی ٤٠مەتری، تەنیشت مەكتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پ.د.ك